# ئەمجارەیان لەژێر پەردەی ڕۆشەنبیری

هەوڵەکانی بەغدا بەردەوامە بۆتەعریبکردنەوەی کەرکوك ولەوپێناوەدا 600 ملیۆنی بۆتەرخانکردووە !!

**سەمیرە حسێن جاف**



ماڵی ڕۆشەنبیری لەکەرکوك کە دەزگایەکی رۆشەنبیری سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری بەغدایە وماوەی سێ ساڵە لە کەرکوك بارەگای دامەزراندووە لە کۆنگرەیەکی کۆتایی ساڵی 2009 رایگەیاند کە کەرکوك دەستنیشانکراوە بە پایتەختی رۆشنبیری بۆساڵی 2010 ، پاش ئەوەی پارسال لە بەسرە وپێشتر لەبابل

ئەم رێورەسمە رۆشەنبیریە ئەنجامدرا بڕیارە ئەمساڵیش وبەتایبەت لە مانگی ئادار فیستیڤاڵی وەزارەتی

بەغدا لەریگەی ماڵی رۆشنبیری لەکەرکوك سازدری ، بەپێی ووتەکانی" جەعفەر نەجم عەباس " بەڕیوەبەری ماڵی رۆشەنبیری لەکەرکوك ، هۆی دەستنیشانکردنی کەرکوك بۆ ئەمساڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە

کە کەرکوك عیراقێکی بجوکە بەپێی ئەوەی لەچوار نەتەوە کلتوور ودوو مەزهەب وئایین پێکهاتووە وئێمە بە هۆی ئەم پێکهاتەوە ئەم هەڵەمان لە پارێزگاکانی دیکە بردەوە وەك مووسل ورەمادی ونەجەف وهاتین شارەکەی خۆمان بکەینە پایتەختی رۆشەنبیری عیراق تاوەکو کورد وعەرەب وتورکمان وکلد وئاشور بە کەسایەتی یە رۆشەنبیرەکانیەوە وبەکلتوری خۆیەوە بدوی ونمایشی ئەدەب وهونەری خۆی بکات ، وبڕیارە بەپێی بەرنامەکانی فیستیڤاڵ رۆشەنبیرانی نێوخۆیی ونێودەوڵەتی ئامادەبین وژمارەیەك لیکچەری(محازەرات) ئەدەبی ورۆشەنبیری ودیراساتی تیا پێشکەش بکرێ ، وسەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادارکراونەتەوە وئامادەییان دەربڕیوە بۆ بەشداری چ لەلایەن کورد وتورکمان وکلد وئاشور جگە لەعەرەب ، لەسەندیکاکانی هونەرمەندان ورۆژنامەنوسان وچالاکی قوتابخانەکان و کتێبخانەکان ویەکێتی نوسەران وهەموو ئەو بنکە ئەدەبی ورۆشەنبیری یانە وئەو دامودەزگا حکومی وغەیرە حکومیانەی جێی هەماهەنگین چ لە نێوشار وچ لەدەرەوەی شار وشارەکانی دیکەی عێراق ، سەبارەت بەوەی ئایە ئەو بەربەستانە چین کە هاتونەتە پێش خۆئامادەکردن وبەرنامەکانیانی ڤیستیڤاڵەکانیان وتی " بێگومان بەربەست هەیە ، بەڵام ئێمە توانیومانە سوود لەو ئەزموونەی بەسرە وەربگرین کە پار لە ڤستیڤاڵەکانیان ڕووبەڕوویان بوبووە ئەویش لەڕووی مادیەوە بوو کە بودجەیەکی کەم بۆیان تەرخان کرابوو نەیان توانی بەو ئاستە ی دەیانخواست ڤستیڤاڵەکاان ببەنە ڕێوە ، هەربۆیە ئیمە داوای بودجەیەکی باشمان کرد لە وەکیلی وەزیری روشەنبیری لەبەغدا "تاهیر حمود" بەهۆی بوونی چوار کلتوور وچوار نەتەوە کەئەمە

پێویستی به ڕۆماڵکردنی کلتوری تەواوە لەم ڤیستیڤاڵەداوەك چاپکردنی کتێب بۆ شاعیران وئەدیبانی شارەکە ریزلێنان لێیان ، هەروەها سازدانی ڤیستیڤاڵی نێوخۆیی وداوەتکردنی کەسایەتیە رۆشەنبیریەکانی دەرەوەی ولآت ، سەبارەت بەوەی لەکەیەوە خۆ ئامادەدەکەن بۆ ئەم ڤیستیڤاڵە وتی" لەپارساڵەوە ئێمە خۆمان ئامادەکردووە وبەرنامەمان بۆدارِشتووە ، ولەکۆنگرەیەك رامانگەیاند بۆ ئامادەبوان ولایەنە نەگەتیڤ وپۆزەتیڤەکەیمان دەستنیشان کردووە ، داوامان لەهەموو ئەو دامودەزگایە مەستدارانەی نیو شارمان کردووە کە هەماهەنگ بن لەگەڵمان بۆ سەرخستنی ئەم ڤیستیڤاڵە وهەروەها لە پارێزگای کەرکوکیش ، وتائێستا هیچ بەربەستێك نەهاتۆتە پێشمان ودەخوازین

ئەم کارەمان سەرکەوتووبێ . ووتیشی " پێمان وایە باری ئاسایشی شارەکەش لەبارە وهێمنە وئەوەش بڕواناکم ببێتە بەربەست .هەروەها ئێمە لەگەڵ وەزارەتی روشەنبیری هەرێمی کوردستانمان ئاگادارکردۆتەوە وئەوانیش هەماهەنگیان پیشانداوە ، نەك تەنها بە قسە بەڵکو بە کردەوە ئەم هەماهەنگیەیان سەلماند کاتێ شاندێکی دەنیمارکی سەردانی بەغداوبابلیان کرد ودواتر چون بۆ هەولێر وزاخو ودهوك وسلەیمانی بە یاوەری ماڵی رۆشنبیری وەزارەتی رۆشنبیری خەرجی مانەوەیان لەئەستۆ گرت بەدڵنیاییەوەش هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم بۆ ئێمە لەم ڤستیڤاڵە واتە کەرکوك شاری هەمووانە بەعەرەب وکورد وتورکمان وکلد وئاشوور وهەموو پێکەوە بەئاشتەوایی تیایدا دەژیین ، ولەڕووی مادی ومەعنەویشەوە هاوکاریان کردووین . پاش ئەوەی لیژنەیەك لە وەزارەتی روشنبیری بەغدا پێکدێ بۆ دیراسەکردنی شارەکە لەرووی کۆمەلآیەتی وسیاسی وشوێنەواری وچەندین کۆبوونەوە ودانشتن لەگەڵ رۆشەنبیرانی شارەکە بەرنامەکان دەستنیشان دەکرێن وئەلتەرناتیفی کار دادەنرێ بۆی وهەریەك لە فەرمانگەکانی وەزارەت بەشداری تیا دەکەن وەك فەرمانگەی هونەرە موسقیەکان و خانەی منداڵان وفەرمانکەی چاپ وبلآوکردنەوە وفەرمانگەی هونەرە شێوەکاریەکان وشانۆکاریەکان وسینەما وهەروەها دامودەزگاکانی نێو شاری کەرکوك وبەشێکی ئەوانی هەرێمیش . سەبارەت بەبودجەی ئەم ڤیستیڤاڵەش وتی" لەلایەن وەزارەتی رۆشەنبیری بەغداوە تەرخانکراوە ، راستە میزانیەی وەزارەت ئەو میزانیە زۆرە نیە بەڵآم چەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بودجەی زیاتر لەوەی بۆ بەسرە تەرخانکرابوو دابین بکەن بۆکەرکوك بەهۆی بونی کلتوورونەتەوەی جیاوازی شارەکە وپانتایی وژمارەی رۆشەنبیرانی ، بۆبەسرە

400 ملیون دینار تەرخانکرابوو ن بەڵآم بۆ ئێمە 600 ملیون دینار بۆ ئەم ڤیستیڤاڵە مەزەندەدەکرێ .لەبەر ئەوەی هەر مانگ وڤیستیڤاڵێك لەخۆدەگرێ وماوەی 7 مانگ بەردەوام دەبێ وئێوارە کۆڕی شیعری وئەدەبی وپێشانگای جۆراوجۆر ونمایشی شانۆیی وسینەماو مۆسیقی وپێشانگای کتێب ودەیان چالاکی دیکەی تیا دەکرێ وەك ئەوەی نموونەیەکی بچوکی مەربەدی جاران کەلە بابل سازدەدرا .

خوێندنەوەی رۆشەنبیرانی کورد بۆ ئەو ڤیستیڤاڵەی وەزارەتی بەغدا جیاوازە لەوەی کە ئەمە تەنها ڤیسنیڤاڵێکی رۆشنبیری بێ مەبەست لێی خزمەتکردنی نەوەی شارەکە بێ ، "جلیل محەمەدشەریف" نووسەر وچیرۆکنووسی کورد وتی" بیرمە لەساڵەکانی حەفتاکان کاتی عەرەب لە کەرکوك کەم بوو وپرۆسەی تەعریب لەسەرەتاکانی بوو ، حکوومەتی بەغدا بڕیاری دا هەموو ساڵێك لەشارێکی عێراق

ڤیستیڤاڵی بازاڕی ناوەندی بکرێتەوە ئیتر هەموو دەزگاوفەرمانگەی شارەکەی تیا هان دەدا کە بەشداربن

بەکەلوپەلی جۆراوجۆروبە پارەیەکی هەرزان دەبییانفرۆشت بەخەڵکی گوایە مەبەستی حکومەتی بەغدا لێی یارمەتیدانی خەڵکی هەژارە ،ئەوەبوو بەغدا بڕیاری دا ئەو بازاڕە یەکانگیربێ وهەموو شارەکان لەیەك شار کۆببنەوە وئەوەبوو بۆ ئەم کارەیان شاری کەرکوکیان هەڵبژارد ببێتە پایتەخت وناوەندی ئەو بازارە ، ولەخوارووی عێراقەوە زیاتر لە سەد کەسیان هێنابووبۆرێکخستن وبەرنامەدانان وکاری دیکە ئەوەبوو ڕووت لەهەر شوێنێك دەکرد عەرەبی لێبوو چ لەناسریە وکوت وبەغدا وبەسراوە هاتبوون ، ئەمەش بۆ تەنها بۆ ئەوەی ئینتباعێکی وەها بخۆلقێنن لە میدیاکان ولای تاکی عەرەب لەناوچەکانی خواروو کە وا شارەکە شارێکی عەرەبیەو جێی مەترسی نیە وبارەکە بەدەست عەرەبەوەیە وزۆر ئاساییە ،واتە وا ئەم ڤیستیڤالەی بازارەیان قۆزتەوە کە ئەو سنوورە دەروونی وهزریەی لای تاکی عەرەبە بشکێنن ومەبەستێکی سیاسی صرف لەپشتیەوە بوو،ئەمڕۆکەش وادەبینم هەمان ئەو مێژووە دوبارە دەبێتەوە لەژێر پەردەی ڕۆشنبیری تاوەکو بڵێی ئەوەتا وەزارەتی ڕۆشنبیری تەواو کارەکانی خۆی رادەپەڕێنی وشارەکە بۆنی عەرەبی لێدی و ئەو نیگەرانییەی لای تاکی عەرەب دروست بووە کە وا کەرکوك شارێکی کوردستانیە نەهێڵن بەتایبەت لەم کاتە هەستەوەرەدا کەهەڵبژاردنەکانی عیراق لەئارادایە وکیشەی کەرکوکیش یەکلا نەبووتەوە لەنێوان بەغدا وکوردستان وکۆمەڵێ هۆکاری دیکە ، بۆیە من پەیامێکە وئاراستەی لایەنە سیاسیە کوردەکان وروشەنبیرانی کوردی دەکەم کە بەزۆرترین چالاکی بەشداربین ونەهێڵن بەغدا مورکی عەرەبی پسەپێنێتە سەر شارەکە ..سەرنووسەری هەفتەنامەی پردی ئازاد"رابەر رەشید" هەمان بۆچوونی

ئەونووسەرە کوردەی هەبوو ووتی" من بۆخۆم وەکو ڕۆژنامەنووسێکی کوردی کەرکوکی پێم شەرمە بڵێم من تاکێکی عێراقیم لەبەر ئەوەی ئێمە لەم شارە تاوەکو ئەمڕۆ بە ناچاری لکێنراوین بە دەوڵەتێکی وەکو عێراق کە سەرانی ئەم دەوڵەتە بونە هۆی جینوسایدگەلی کوردوکیمیاباران وئەنفالکردنی تاکی کورد وتاوەکو ئەمڕۆکەش ئەم شارە وەکو خۆی ماوەتەوە وگوندە کوردیەکان بەوێرانی دەستی ئەو رژێمە ماوەتەوە بەخوێناوی ، پێموایە لەمساڵەدا کە هەڵبژاردن لەئارادایە وکێشەکان نزیکە بەرەو چارەسەر دەچن سەبارەت بەم شارە ، دەبینین بەتایبەت لەم کاتەدا ولەم ساڵدا بەغدا کەرکوکی دەستنیشانکردووە بۆ ئەم مەبەستە کەئەمە بۆخۆی جێی پرسیارە بۆ ئێمەی رۆشەنبیری کوردی شارەکە ..کە وای دەردەخات بۆمان بۆچونێکی سیاسی لەپشتەوەیە ، وەك ئاگاداریشین لەنێو وەزارەتی رۆشەنبیری بەغدا لیژنەیەك پێکهێنراوە سیاسیانە بۆئەم مەسەلەیە چوونە وکاك فەوزی ئەتروشی یان کردۆتە بەرپرسی لیژنەکە کەسایەتیەکی کوردە تاوەکو رۆسەنبیرە کوردەکانی شارەکە بەرچەکداری ئەم کارەیان نەبنەوە وبڵێین ئەوەتا بەرپرسی لیژنەکە کوردە وئەم کارە بەدەرە لە سیاسەتێکی مەبەستدار ،ئەویش ئەوەیە دەیانەوێ بەهەموو دونیا ومیدیاکانی جیهانی رابگەیەنن بەڵێ کەرکوك شارێکی عێراقی یە وشارێکە مۆڕکی عەرەبی پێوە دیارە ، لەکاتێکدا کورد بە سەدان بەڵگەوە دەیسەلمێنێ کەکەرکوك کوردستانیەوهەموونەتەوەکان مێژوویەکە تیایدا دەژیین ، لێرەدا ئەرك وبوونی رۆشەنبیرانی کورد چیە؟! روشەنبیرانی کورد دەبێ یەك لەم دوو هەڵوێستە هەڵبژێرن یان ئەوەتا دەبێ رێگربن لەم کارە یان ئەوەتا دەبی وەکو کورد هەموو هێز وتوانای خۆی بخاتە گەڕ

بۆ ئەوەی ڕووی کلتووری کوردی وبوون ورەنگی ئالا والای کورد بەزەقی پیشان میدیا ودەرەوە بدات ، با رۆشەنبیران وبەرپرسانی کورد هەرچی لێکۆڵینەوە ودیراساتی مێژووی کورد لەشارەکە بخەنە بەردیدی میدیاودەرەوە ، بادیموگرافیای کوردی شارەکە نمایش بکەن لە هەمووچالاکیەکان بەگشتی با حزوری کوردی زەق بێ وزۆربی ن وگرینگە کورد پەیامێکی روون وبەهێزی هەبێ لەم بۆنەیەوبۆنەی هاوشێوە ئەمەش تەنها بەیەك دەنگی ویەك ریزی وکاری هاوبەش دەکرێ ، ئەمە هەڵێکی باشە ئەگەر هەر لایەنی کوردی بڕیاری داوە بەشداربێ لەم کارە با هەموو بەشداریەکی بەڵگەیەك بێ بۆسەلماندنی کوردستانیبوونی شارەکە لەپێش زوومی میدیاکان ، تاوەکو رای گشتی دەرەوە نەڵێی کورد هەر دەڵێی کەرکوك کوردستانیە کوا ئەی بوونی بۆئەوەندە گزە دەبی ئەو بوونە یەکانگیربێ بۆئەوەی شوناسێکی کوردی پیشان جیهانی ئەو دیوی شارەکە پیشاندەین .

کاك سەردار جێگری سکرتیری سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان/لقی کەرکوك سەبارەت بەم ڤیستیڤاڵە وتی" کە گۆی بیستی ئەوە بووم کەرکوك دەکرێت بەمەڵبەندی رۆشەنبیری بۆئەمساڵ هەستم کرد لەپشت پەردەوە پاڵنەرێکی سیاسی هەیە بۆئەوەی ئەم شارە زیاتر بلکێندری بە عیراقەوە بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت بۆهەمیشە وبۆهەتا هەتای نیە ، بەڵکو بۆماوەی ساڵێکە ولەم ساڵەدا دەبێ کورد قورسایی خۆی دەربخات لە چالاکیە هەمەجۆرەکانی ئەم ڤیستیڤاڵە بۆئەوەی بەکردەوە کوردستانیبوونی شارەکە بسەلمێنێ ئەمەش بەپاڵپشتی حکومەتی هەرێم چی وەکو ئەنجوومەنی وەزیران چی وەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێم ووەزیری رۆشەنبیری هەرێم ، پێویستە پاڵپشتیەکی بەهێزی بواری رۆشەنبیری وکلتوری بکەن بۆئەوەی بیسەلمێنین کەکەرکوك کوردستانیە ، وەزارەتی رۆشەنبیری بەغدا کاتی ئەم بریارەی دا کەسایەتیەکی کوردی وەکو فەوزی ئەتروشی دانا بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك لیژنەی ئەم ڤیستیڤاڵە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دانپێدانانی سەرانی عیراقە بەوەی کەرکوك کوردستانیە ئەگەر چی هێشتا لەژێرئیدارەی خویشیدایە .